خێرترین وباشترین دەسەڵاتدارەکانتان ئەوانەن کە ئێوە ئەوانتان خۆش دەوێت وئەوانیش ئێوەیان خۆش دەوێت، ونزایان بۆ دەکەن وئەوانیش نزا بۆ ئێوە دەکەن، وخراپترین دەسەڵاتدارەکانتان ئەوانەن کە ئێوە ڕقتان لێیانە وئەوانیش ڕقیان لە ئێوەیە، ونەفرەتیان لێدەکەن وئەوانیش نەفرەت لە ئێوە دەکەن

لە عەوفی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خێرترین وباشترین دەسەڵاتدارەکانتان ئەوانەن کە ئێوە ئەوانتان خۆش دەوێت وئەوانیش ئێوەیان خۆش دەوێت، ونزایان بۆ دەکەن وئەوانیش نزا بۆ ئێوە دەکەن، وخراپترین دەسەڵاتدارەکانتان ئەوانەن کە ئێوە ڕقتان لێیانە وئەوانیش ڕقیان لە ئێوەیە، ونەفرەتیان لێدەکەن وئەوانیش نەفرەت لە ئێوە دەکەن» عەوف دەڵێت: ووتمان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا هەوڵبدەین لەسەر دەسەڵات لایان بدەین؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نەخێر، هەتا کاتێک نوێژ لە نێو ئێوەدا ئەنجامدەدەن. نەخێر، هەتا کاتێک نوێژ لە نێو ئێوەدا ئەنجامدەدەن».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەیە لە دەسەڵاتدار وفەرمانڕەواکانی مسوڵمانان کەسانی چاکەکارن وهەیشیانە کەسانی فاسق وتاوانکەرن ودینداریان کەمە لەگەڵ ئەمەشدا نابێت دەرچوون دژیان بکرێت، ئەگەر هێشتا بەردەوامبن لە پاراستنی دروشمەکانی ئاینی ئیسلام ولە گرنگترینیان نوێژکردنە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6384